USA TODAY

## تەنگوچەلەمەی پێناسەی تورکیا

**کێشەو هەرای ناوەکی، وڵات بەرەو شەڕ لەگەڵ کوردەکانی عێراق دەبا. ئەم خۆڵبارینە تەنیا زیان لە ئەنقەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نادا، بەڵکە لە تەواوی ناوچەکەش.**

Ralph Peters

سیار محەمەد ساڵح کردوویە بە کوردی

ناوچەی رۆژهەڵاتی تورکیا، ناوچەکی تورکان نییە. ئەو ناوچەیە، ناوچەیەکی کوردنشینە، ئەو کوردانەی کە نەوەو نەتیژەی ئەو خێڵەکییانەن کە 2500 ساڵ لەمەوبەر- واتە 1000 ساڵ زێتر پێش ئەوەی تاقە تورکێک پێ بنێتە ئەو ناوچەیە- لەو شاخانە روبەرووی سەربازو نووسەری یۆنانی، زەینەفۆن بوونەوە.
ئەگەر ئەمڕۆ ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ساز بدرێ، کوردەکانی تورکیا، کە دەوروبەری 20٪ی 73 ملیۆنەکەی دانیشتوان دەبن، سەرجەمیان دەنگ بۆ جیابوونەوە دەدەن لە ئیمپراتۆریا وێکهاتووەوەکەی ئەنقەرە کە بە میرات لە عوسمانلییان ماوەتەوە. لەسەرینی ئەمەوە شیری یەکسەرەی تورکیا لەسەر سنووری باکوری عێراق لەو ترسەیە- کوردستانی خۆبەرێوەبەری عێراق هەڕەشە لە یەکێتیی خاکی تورکیا دەکا، چونکە کوردەکانی ناوچەکە وەکو کاکڵەی دەوڵەتێکی کوردی سەیری کوردستانی عێراق دەکەن.
هەرچی ترسی واشنتۆنیشە لە پێکدانێکی کوردی-تورکی، نەبادا سەقامگیریی تەواوی ناوچەکە تێکبدا-دەق لەکاتێکدا کە ئومێدێك لە عێراق پەیدابووە.
هیچ حکوومەتێکی ناوچەکە کە حوکمڕانی بەسەر کەمینەی کوردەوە کردبێ، تەنانەت رێگەی ئەوەشی نەداوە سەرژمێرێکی بێگەردی کوردان بکرێ، لێ بە مەزەندە دانیشتوانی کورد لە نێوان 27 تا 36 ملیۆن دەبن، دابەشبوونە بەسەر تورکیا، عێراق، ئێران، سوریا و قەفقاسیا. 14 ملیۆن کورد لەو خەڵکە بێ دەوڵەتە لە تورکیا دادەنیشن.
سەرباری سووربوونی تورکیا لەسەر پاراستنی سنوورەکانی لە رۆژهەڵاتدا، تورکیا روبەرووی هەرەشەگەلێکی سیاسیی ناوەکی بۆتەوە کە پاڵ بە سوپا زەبەلاحەکەی تورکیاوە دەنێ – کە لە هێزێکی 500000 زێترە- بچتە ناو باکووری عێراقەوە.
پاساوی لەجێ و راستەوخۆی بڕیاری پەرلەمان بۆ لە سنوور پەڕینەوە، بریتییە لەوەی گوایا پەکەکە، رێکخراوێکی مارکسییەو پێڕەوی تیرۆر دەکا، بەردەوامە لەسەر پەلاماردانی سەربازەکان و خەڵکی مەدەنی لەناو تورکیادا و پاشماوەکانی پەکەکەی تێکشکاو، کە چەند هەزار پیاوێکن بە خاوخێزانەوە، پەنابەرییان لە عێراق وەرگرتووە. تورکیا دەیەوێ، ئەوانەی رادەست بکرێنەوە – لەکاتێکدا سوڕ دەزانێ کە کارێکی ئاوا، لە رووی سیاسییەوە، بەلای هەر سەرکردەیەکی کورد، کارێکی کەس نەکردەیە.

### پەکەکە، هەڕەشەیەکی کزە

پرۆپاگندەو تۆمەتەکانی تورکیا، دەبێ بە وردی تێیان بڕواندرێ. پێویست بەوە ناکا کەس هاوسۆزی پەکەکە بێ تا دان بەوەدا بنێ کە ئەو رێکخراوەیە بەهۆی شاڵاوی دژە تیرۆرانەی تورکیاوە، لێکبلاو بووە. ئەندامە بەتەمەندا چووەکانی کە لە عیراقدا لە کەمپ نراون، داوای پەنابەرێتیان لە کوردە هاونەتەوەکانیان کردووە. لەژێر

فشاری هەموو لایەکدا، کە بەرپرسە کوردە عێراقییەکان "هەندێ شت بکەن" سەبارەت بە پاشماوەی کەلاکی پەکەکە، دواجار نیازو مەرامی زۆرینەی ئەندامەکانی پەکەکە ئەوەیە کە تورکەکان، بیانوێکیان بدەنێ تا لە سنوور بپەڕنەوە.

هەنووکە پەلاماردان بۆ؟

چونکە جەنەراڵەکانی تورکیا بێ ئومێدبوون لەوەی کە ژیانێکی تازە بەبەر خۆیاندا بکەنەوە لەناو وڵاتدا. سوپا کە بەهۆی دوبارە سەرکەوتنەوەی حزبە ئیسلامییەکەی تورکیا، پارتی دادو گەشەپێدان لە هەڵبژاردندا ملشۆڕو زەلیل بووە، لەکاتێکدا خۆی وەکو داکۆکیکاری دەوڵەتی عەلمانی دەبینێ، لە بازاری سیاسیدا کاڵایەکەی بێ هەڕمێن و ڕەواج بووە.

لە ڕابردوودا، سوپای تورکیا کودەتای دەکرد. ئەوە وەکو ئەگەرێکی درێژخایەن دەمێنێ، لێ ئێستا هەستێکی وا هەیە کە پشتەوانی خەڵك لە حوکمڕانیی سوپا وەکو جاری جاران بەهێز نییە، لەکاتێکدا ئابووریی تورکیا وا رووح دەدا و مۆتەکەی تیرۆریزم لە شەقامەکانی ئەستەنبۆڵدا دەسوڕێتەوە. سوپای تورکی بووە بە قوربانیی سەرکەوتنی تورکیا.

جەنەراڵەکان وەکو قازانجێکی دوو سەرە، دەڕوانە پەلاماردانی عێراق- تێسرەواندنی زەبرێکی بەهێز لە ئاواتەکانی کورد و کۆکردنەوەو سازدانی تورکان لە دەوری ئاڵا. هەرچەند پەلاماردانی عێراق، ئەمریکا تووڕە دەکا، ئەنقەرە هەست دەکا واشنتۆن لەسەر بەرمیل دانیشتووە، پێویستیی واشنتۆن بە بنکەی هەوایی ئینجەرلیك و کاریگەریی ڕێگاو بان و فەزای ئاسمانیی تورکیا لەسەر ئۆپەراسیۆنی ئازادیی عێراق.

سەبارەت بە کاردانەوەی ئەورووپیش، تورکەکان بڕوایان وایە لە چەند پەڕە کاغەزێکی سپی هەڵگیراو لە برۆکسل زێتر نییە.

لە ماوەی چەندین ساڵدا، بۆم دەرکەوتووە جەنەراڵەکان و دیپلۆماتەکانی تورکیا سەبارەت دوو بابەت نا مەنتیقی و ناماقوڵن: جینۆسایدی ئەرمەنی (هەروەکو دوبارە دیتمان، چ هەراو زەنایەك لەبارەی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی نوێنەران کرا) و مافەکانی کوردان لە هەر جێیەك بۆ شادبوون بە سەربەخۆیی. ئەم بابەتانە لەناو دەستو دایرەی ڕەسمیی تورکیدا، باس و خواسی گەرم و ئاگرین دەنێنەوە. دەم و زارەکان کراونەتەوە، لێ گوێیەکان پێوەدراون (داخراون).

تورکەکان ڕوبەڕووی پشێوی دەبنەوە

تا ئێستا، ئەو ئاریشە پەنهانەی کە سوپای تورکی نایەوێ تێی بگا، ئەوەیە کە هەر جولەیەك بۆ ناو باکووری عێراق بە سوك و سانا تێناپەڕێ هەروەکو جەنەراڵەکان پێیانوایە. کوردە پڕ-چەك و باوەڕبەخۆیەکانی عێراق بەرەنگاری هەر پەلامارلاێکی فراوان دەبنەوە، ناوچە شاخاوییەکانیش، ناوچەی نموونەیین بۆ شەڕی دیفاعی. سوپای تورکیی بەهێزی سەر کاغەزیش، دوچاری پشێوییەگی گرنگ لە عێراق دەبێتەوە.

تێکشکانی سەربازی – نابێ بەکارەساتێکی چاوەڕوان نەکراو بزاندرێ- لە کوردستانی عێراق، تەرازووی هێزەکان لەناو تورکیا بە قوڵی دەگۆڕێ. سوپا لەسەر ئەو هەست و چەمکەی کە سوپایەکی لەشکان نەهاتووە،

فراژوو بووه. هەر جوله و سنووربەزاندنێکی سەرنەکەوتووانە هەموو وێنە گرنگەکەی خۆی دەشکێنێ، نفووزو دەسەڵاتی ئیسلامگەرای سیاسی پتەو دەکا، کە چەندین قانوون و بەهایان لابردووە کە سوپا لە مستەفا کەمال(باوکی تورکیای نوێ) بەمیرات بۆی بەجێ مابۆوە.

**سەرکەوتن نابێ**

لەلایەکی دیکەوە، چما ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا ئەگەر سەرکەوێ، زەبهنیەتی لەو جۆرە لە ئێران-یش ناوروژێنێ و زێتر ناوچەکە نا سەقامگیر ناکا. هەروا هێرشی تورکیا بۆ سەر کوردستانی عێراق — کە تاقیکردنەوەیەکی بەرچاو و سەرکەوتووی خۆبەرێوەبەریە- شەپۆلگەلێکی تیرۆریزمی ئەنتی- تورکیایی لێدەکەوێتەوە، لە جیاتی ئەوەی هەرەشەی تیرۆریستی کەم بکاتەوە.

سەرکردەکانی کوردی عێراق، لەلای خۆیانەوە، دەیانەوێ پێوەندیی باشیان لەگەڵ ئەنقەرەدا هەبێ، لەرێگەی زەبتکردنی پەکەکەو ئاسانکاریکردن بۆ بێزنسمانەکانی تورکیاوە، بەو هیوایەی کە قازانج و سوودی هاوبەش، بەرژەوەندیی هاوبەش بێنێتەکایەوە. هیچ کەس — نە پەکەکە، کوردانی تر، حکوومەتی عێراق یان ئەمریکا- نایەوێ سەرکێشییەکی سوپای تورکیا ببینێ.

لەکۆتاییدا، پەلامارێکی وا لە راستیدا لەبارەی ئایندەی پەکەکە نییە، بەڵکە لەسەر ئایندەی تورکیا دەکەوێ. سوپای تورکیا بەڵێنی داوە داکۆکی لەو دەوڵەتە بکا کە ئەتاتورك لەسەر دارو پەردووی عوسمانلی بنیاتی ناوە، بەشێوەیەکی هەڵەشەکارانەو بە تاو بەرەو داڕمان و دارزانی دەبا.